# چەند هەواڵێکی هونەری لە شاری سلێمانییەوە

ئامادەکردنی / بەختیار شێخ مستەفا

هەواڵی یەکەم :

هونەرمەند محمد ڕەوف کەرکوکی سیدیەکی نوێی تۆمار کردوە و بڕیارە لەداهاتویەکی نزیکدا لە ڕێگەی کۆمپانیای (ستران میوزیك) وە بخرێتە بازاڕەوە.

ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێزی کوردستان نێت دەکەین کەبەم زوانە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هونەرمەند محمەد ڕەوف کەرکوکی سازدەدەین.

هەواڵی دووەم :

هونەرمەندی لاو (چۆمان ڕەشید) سیدیەکی نوێی خستە بازاڕەوە کە حەوت گۆرانی لەخۆدەگرێت، شایانی باسە کە هەندێ لەگۆرانیەکانی گۆرانی فۆلکلۆرن و هەندێکیان ئاوازی خۆیەتی، زۆربەی کارە میوزیکیەکانی لەلایەن هونەرمەند (هێمن حسین) وە بەئەنجام گەیەنراوە. جێگەی ئاماژەیە کەئەمە یەکەم بەرهەمی ئەم لاوەیە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

هەواڵی سێیەم :

وا بڕیارە ڕۆژی 10 /8 تیپی سیمفۆنی عیراقی لە شاری سلێمانی نمایشێك بکات، کەلەسەر دەعوەتی هونەرمەند (ع. ج. سەگرمە) سەردانی سلێمانی دەکەن و واش چاوەڕوان دەکرێت کە هونەرمەندی ناوبراو ئەرکی ڕابەری ئۆرکیسترا ببینێت.

هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ هونەرمەند (ع. ج. سەگرمە) دەخوازین.

وەکو بەشی میوزیك لە کوردستان نێت دواتر بە ریپۆرتاژێك ئەو نمایشە بەسەر دەکەینەوە.

هەواڵی چوارەم :

ئینستیوتی کەلەپوری کورد کە مەڵبەندێکە کار بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری کوردی دەکات بە نیازە کۆمەڵێك کتێبی نوێ بەچاپ بگەیەنێت سەبارەت بە میوزیکی کوردی لەوانە :

1. جۆرەکانی گۆرانی کار لەدەشتی هەولێر، ئەم پرۆژەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەلایەن بەڕێز (هەنگاو ئەنوەر شێخانی) ئامادەکراوە.

2. ڕۆڵی حەسەن زیرەك لە موزیکی کوردیدا، توێژینەوەیەکی شیکاری مێژوییە لەلایەن هەردوو توێژەرەوە (زۆزك قەرەداغی و زاهیر محەمەد عەزین) ئامادەکراوە.

3. جۆرەکانی گۆرانی بێکێش لە زمانی کوردیدا، توێژینەوەیەکی شیکارییە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی ئینستیوتی کەلەپوری کورد ئامادەکراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەو بەنۆتەکردنی هەمو جۆرەکانی گۆرانی بێکێشی کوردی وەك (لاوك، حەیران، ئەلاوەیسی، قەتار، خاوکەر، هۆرە. . تاد) .

جێی ئاماژەیە ئەم مەڵبەندە پێشتریش لە مانگی چواری 2003 دا کتێبی (لاپەڕەیەك لە بنەماکانی میوزیکی کوردی) بەچاپ گەیاندوە کەلەئامادەکردنی هونەرمەند (ع. ج. سەگرمە) بوو. کتێبەکە هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی چەند تایبەتمەندیەك لە گۆرانی کوردی دا کەلەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەسەر چەند گۆرانیەکی کەلەپوری کوردی ئامادەکراوە.

ئێمە وێڕای دەستخۆشی لەم مەڵبەندە هیوای خزمەتی زیاتریان بۆ دەخوازین.